## تەڵای دەستەوشار

"شیعر"، بێگومان گرنگترین هونەری کوردە و هاوڕێی لەگەڵ مۆسیقا و هەڵپەڕکێ، سێ کوچکەی هونەری نەریتیی کورد پێک دەهێنێت. ئەم بۆچوونە گشتییە سەبارەت بە ناوچەی بۆکانیش راستە. ئاوڕدانەوە لە مێژووی هونەری بۆکان، دەبێ بە یەک لەو سێیە و زۆر واهەیە بە شیعر دەست پێ بکرێت کە کەرەسەی نووسراوی زیاتر لە دوانەکەی تری بۆ بە دەستەوەیە.

من لە چەند ئەڵقەی ئەم زنجیرە وتارەدا دەمەوێت ئاوڕێکی سەرپێ یی لە مێژووی شیعری ناوچە و شاری بۆکان بدەمەوە. لێرەشدا، وەک پاشماوەی کوردستان، کۆنترین جێ پێ لە شاعیرانی یارسان و هەروەها لەو کەسانە هەڵدەگیرێت کە بە زاراوەی کەڵهوڕی / گۆرانی شیعریان گوتوە و دانیشتووی ناوچەی هەوشار بوون. هەوشار لەباری جوغرافیاوە کەوتۆتە بەشی تیکان تەپە (تکاب) واتە سەقز و سایئقەڵا و رۆژهەڵاتی رووباری جەغەتوو و تیکان - تەپەی بۆکان – کە لە بەشی رۆژئاوای رووبارەکەیە.

بۆکان پەیوەندی فە رمیی بە هەوشارەوە نییە، بەڵام لە رابردووش و ئێستاشدا دیواری کۆنکرێت لە نێوان دوو ناوچەکە نەکێشراوە و بۆ نموونە، هات و چۆ لەنێوان سەفاخانە و تیکان تەپەی هەوشار و گوندەکانی دەوروبەر سە قز و بۆکان کارێکی رۆژانە بوە و هەر هەیە.

بەم پێیە، نابێ دابەش بوونی جوغرافیایی ئوستان و شارستان لێکۆڵەرەوەی مێژووی هونەری ناوچەکە لەو راستییە زەقە چەواشە بکە ن کە زاراوەی قسە کردنی هەر دوو بەری رووبارەکە، بە گشتی هاوچەشنە و ئەو یاسایەی کە بەشی رۆژهەڵاتی ناوچەکە دەگرێتەوە، بە سەر بەشی رۆژئاواشدا زاڵە. جا ئەگەر کاری توێژینەوە لە بەشێکیان زیاتر لەویتر کرابێت، نابێتە هۆی لە ناوچوونی ئەویەکیەتیە و لێک دابڕانی خەڵکەکە و هونەرەکەیان.

کاری دوکتۆر محەمەد سدیق بۆرەکەیی (صەفی زادە) لە بواری ناساندنی شاعیران و ناودارانی یارسان بە گشتی و بوێژانی هەوشار، لەم پەیوەندییەدا خاوەنی گرنگایەتی تایبەتە. بۆرەکەیی لە کتێبی " تەڵای دەستە وشار یا مێژووی بوێژانی هەوشار" دا، کورتەی ژیانی ١٣ شاعیری ناوچەکەی بە نموونەی شیعریانەوە ناساندوە و کارەکەی بە ژین نامەی شێخ شەهابەددینی سوورەبەردی (سهروردی) دەست پێ کردووە.

من ناتوانم بۆ پێداچوونەوە و ناساندنی شاعیرانی ناوچەی بۆکان لەو شاعیرانە و بە گشتی لە نفووز و دەسەڵاتی شیعری هەوشار – وەک بەشێک لە شیعری "گۆرانی / هەورامی" چاو بپۆشم. سەرەهەودای شیعری ناوچەکە بە گشتی دەگاتەوە شیعری زاراوەی گۆرانی و سەرەڕای زاڵ بوونی ئێستای کرمانجی خواروو لە ناوچەی بۆکان، شوێنەوار و پاشماوەی زاراوەی گۆرانی لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی وبەشی رۆژئاوای چۆمی جەغەتوو، بە روونی هەستی پێدەکرێت و هە لە دەبێت ئەگەر کەسێک بیەوێت لە مێژووی هونەری ناوچەکە بکۆڵێتەوە و لەو راستیە غافل بێت. گەرچی بەڵگەی ئەوتۆشم بۆی بە دەستەوە نییە، بەڵام لام وایە شیعری ناوچەی موکریان بە بۆکانەوە لە سەردەمێکی تایبەتدا، شوێنی زۆری شیعری ناوچەی هەورامان و گۆرانی لەسەر بوە.

١٣ شاعیری ناو کتێبەکەی دوکتۆر بۆرەکەیی، جگە لە سوورەبەردی کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە، هەموو، هی سەدەی ١٣ و ١٤ ی کۆچین (واتە هی ٢٠٠ ساڵی رابردوو). کۆنترینیان (مە لا ئەحمەدی عارف) لە ١٢٠٦ [٢ / ١٧٩١] لە دایک بوە و دواتریان (حەیدەر بەگی بەرازی) لە ١٣٦٨ [٩ / ١٩٤٨] دا کۆچی دوایی کردوە.

شیعری شاعیرەکان لە باری ناوەڕۆکەوە عیرفانی، و غەرامین و لە لایەنی شێوەزارەوە "گۆرانی" تەواون و تەئسیری شاعیرانی هەورامان وەک بێسارنییان لەسەرە:

چراخم! کەرەم، چراخم! کەرەم　　　　قیبلەم! کەرەمدار بکەر پێم کەرەم

شەوی من و تۆ وەک پەروانە و شەم　　　　نەجای پێواریٚ بیاواین وەهەم.....

(نەجەف خانی بایندور)

چراخم! کەرەم، چراخم! کەرەم　　　　ئەگەر کەرەمدار بکەر داش کەرەم

شەوی من و تۆ بیاوای وەهەم　　　　من چون پەروانە، تۆ بە وێنەی شەم....

(بیسارانی)

صدیق بۆرەکەیی(صفی زادە)، "تەڵای دەستە وشار یا مێژووی بوێژانی هەوشار"، ناشر: نووسەر(؟)، ١٣٦٩ [١٩٩٠]، تاران، ٨٤ لاپەڕە(کوردی).